## مەرحووم ئەحمەد سامبەگیَ

ئەحمەد سامبەگی کوڕی مەرحووم حەسەن بەگی سامبەگی بۆکانی ساڵی ١٣١٩ ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایك بووە و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی قەڵای سەرداری بۆکان تەواو کەردوە و بۆ قۆناغی ناوەندی دەچێتە شاری سەقز و پاش وەرگەرتنی سیکل واتە کلاسی نۆ (٩) بۆ درێژە پێدان بە خوێندن روو دەکاتە شاری تەورێز و لە دانشسەرای ئەم شارە دەرێژە بە خوێندەن دەدا. پاش دو ساڵ مانەوە لە تەورێز دەگوازرێتەوە بۆ دانشسەرای ورمێ و لە ساڵی ١٣٣٩ ی هەتاوی بەڵگەی دیپلۆمی دانشسەرا وەردەگرێت.





کاك ئەحمەد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای وەرزش و بە تایبەت والیبال و مەلە کەردن بوو. جا هەر ئەو خۆگرییەی وای کرد کە  کاتی خوێندن لە شاری سەقز لەگەڵ وەرزشوانی زۆرانبازی و کەسایەتی بەنێوبانگی شاری سەقز مەرحووم عەباس خاکی ئاشنا بێ و ئەم دۆستایەتیە ساڵیانی زۆر بەردەوام بێت. دوای کۆتایی خوێندەن و وەرگرتنی دیپلۆم بۆ یارمەتیدانی باوکێ کە دەست تەنیا مابۆوە، و هەروەها برا گەورەی کاك ئەحمەد بە نێوی کاك عەبڵا سامبەگی کە بە هۆی چالاکی سیاسی گیرا بوو و لە زیندانی فەلەک ئەل ئەفلاك لە شاری خورەم ئابادی لۆرستان دەست بە سەر کرابوو، گەراوە بۆکان. باوکی کاك ئەحمەد زەوی و مەزرا و باغاتێکی زۆری بوو کە بە ناوچەی حەسەن بەگ دەناسرا. ئەو زەویە لە حەمامی مەڕمەڕ و هوتێل مەڕمەڕی ئێستاوە هەتا بەر پردی میراوای گرتبۆوە. کاك ئەحمەد لەگەڵ ئامۆزایەکی بە ناوی یۆنس عەلی میرەبەگ و خوشکەزایەکی بە نێویی عومەر مام مەحموودی (سامبەگی) یارمەتی باوکی دەدا.



دەستی ڕاست: سێزدەبەدەر لەگەڵ دۆستان، دەستی چەپ:قوتابخانەی قەڵا کێبەرکێی والیبال

لە ساڵی ١٣٤١ هەتاوی بە بێ ڕەزامەندی باوکی بوو بە کارمەندی ئێدارەی ئاموزش و پەروەرش، لە گۆندەکانی قورمیش و حەمامیان و قەرەموسالی خزمەتی خەڵکی ئەو ناوچانەی دەکرد. لە ساڵی١٣٤٢ ی هەتاوی لە لایەن کاک قادر دانشیار کە بەرپرسی وەرزشی بۆکان بوو داوای لێ دەکرێت ببێتە مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەکانی بۆکان. پاشان کاک حوسێن عەبدوڵاهی وەک مامۆستای وەرزش دەبێتە هاوکاری کاک ئەحمەد و پاش چەند مانگێك کاک قادر دانشیار ڕاگوێزی مەهاباد دەکرێتەوە و لە جێی ئەو ڕێزدار، مەحمود حیسامی دەبێتە بەرپرسی وەرزشی بۆکان.



کاک ئەحمەد سامبەگی، کاک حوسێن عەبدوڵاهی و کاک مەحموود حیسامی

ئەوکات بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ وەرزش و وەرزشوانان زۆربەی جم و جۆڵی وەرزشیی وەک والیبال و بەسکتبال و زۆرانبازی و ڕشتەکانیتر لە حەساری قوتابخانەکان یان لە هۆڵی کلاسەکان

بەڕێوە دەچوو. بۆ یاریی فوتباڵ تەنیا زەویەک لە دەرەوەی شار ولە پشت نەخۆشخانەی ئێسا هەبوو. دەشتێکی پان و بەرین و دو دەروازە(گووڵ) و دور لە هەر یاسایەکی وەرزشی. نە جێگای دانیشتن هەبوو کە خەلەک بتوانن لێی دانیشن و نە جێگای خۆ گۆڕین بۆ وەرزشوانان هەبوو. تەواوی هەوڵ و تەقەلای کاک ئەحمەد ئەوە بوو کە شوێنێکی ڕێک و پێک کە بتوانرێ ناوی وەرزشگای لێبنرێت، دروست بکات. ساڵی ١٣٤٩ ی هەتاوی کاتێک کە ئیدارەی تەربیەت بەدەنی سەربەخۆ بوو، کاک ئەحمەد بوو بە بەرپرس و داوایان لێ کرد کە هەوڵ بدا بۆ سازکردنی بینا بۆ وەرزشگا و ئیدارەی تەربیەت بەدەنی. کاک ئەحمەد لەگەڵ ڕێزدار سولەیمان کەریمی شوێنەکەیان دیاری کرد و زەویەکەیان لە مەرحوومی حاجی ئەبووبەکرئاغای موهتەدی کڕی. بەشی پێشەوە میتری بە شەش قڕان و بەشی پشتەوە میتری بە سێ قڕان. حاجی ئەبوبەکرئاغا سێ سەد(٣٠٠) میتری پێشکەش دەکا بە خودی کاک ئەحمەد، بەڵام کاک ئەحمەد ئەویش دەخاتە سەر ئیدارەکە. بەم شێوەیە مەیدانی فوتباڵ دەبێتە خاوەنی شوێنێکی خۆگۆڕین بۆ وەرزشوانان و هەروەها بەهۆی لوولەکەشی ئاو، وەرزشوانان لێرە بەولاوە دەتوانن هەر لەوێ ئاو بخۆنەوە یا دوای یاری خۆیان بشۆنەوە. پاشان بە پێی بارودۆخی ماڵیی، بەرە بەرە شوێن بۆ رشتەکانیتر سازکرا، وەك: هۆڵی زۆرانبازی و والیبال و بەسکتبال و پێنگ پۆنگ و ئاسن هەلەێنان، و هەروەها لە سالەکانی ٦٠ دا لە پەناوە دەفتەر و شوێن بۆ کارمەندان ساز کرا و زەوییە خاک و خۆڵاوییەکەی فوتباڵ، بوو بە چیمەن. ( چەند وێنە لە کاتی سازکردن و نوێ کردنەوەی مەیدانی فوتباڵ) :









ئەوەی کە کاک ئەحمەد وەک مرۆڤێکی دلەسۆز و چالاکی شارەکە لای هەموو خەڵکی شاری بۆکان ناسراوە، گومانی تێدا نییە. جگە لە بواری وەرزش لایەنی هونەریەکەشی بۆ خەڵکی شارەکە ناسراو

بوو. چە لە باری نووسین و چە لە باری رۆڵ گێڕان، زۆر جار لە بۆنەکانی ئەوکات دا یارمەتی شانۆکارانی دەدا. جگە لەوانەش کاک ئەحمەد مرۆڤێکی خۆش مەشرەف و هەڤاڵ دۆست و ئەهلی گەڕان بوو و لە نێو هەڤالەانی دا بە قەسە خۆش و هەڤاڵی سەفەر و دڵکراوە و رووح سووک بەناوبانگ بوو. هیچ کات بە نێوچاو گرژی نەدەبینرا، ئەگەر جار و باریش ناو چاوی خۆی تێکدەنا هۆیەکەی دۆڕاندنی تیمی بۆکان بووە. ( چەند وێنە لەگەڵ هەڤالانی):









وێنەی سەرەوە دەستی راست: لە ڕاستەوە:موحسین حوسەینی، ڕەحمان محەممەدیان، ئەحمەد سامبەگی، و عوسمان قزڵجی دەستێ چەپ: کاک ئەحمەد، تەها تەحریریان، وێنەی خوارەوە دەستی راست: کاک ئەحمەد، رەحمان محەمەدیان، ئەنوەر سولەتانی،

وێنەی خوارەوە دەستی چەپ: لە راستەوە، ئەنوەر سولەتانی، نەناسرا، دۆکتەر حەبیب زادە، رەحمان محەمەدیان، محەمەد فەرنیا، دانیشتوو، کاک ئەحمەد سامبەگی

مەرحووم کاك ئەحمەد سامبەگی لە بواری پێشاهەنگیش دا چالاك بوو، لە زۆربەی قوتابخانەکان دا بە یارمەتی بەڕێزان ئاغای یەکشەوە و ئاغای عەراقی، عەلی حەبیب زادە و جەعفەر قزلەجی، گرووپی پێشاهەنگیان لە ژێر ناوی سازمانی پێشاهەنگ، پێک هێنا بوو کە لە زۆربەی بۆنەکان دا، ڕێژە دەرۆیشتن و زۆر جار بۆ پاک و خاوێن کردنەوەی حەساری قوتابخانەکان، یان شەقامەکانی شار یارمەتێان دەکرد. لە گەلێک رێ و رەسمەکاندا بە چەقاندنی دار و گوڵ بە هاواری ژینگەوە دەهاتن. لە

سالی ١٣٥٦ هەتاوی دا لە بەری گوندی میراوا تەنیشت باغی دوکتور شێخی لە زەویەکی نە زۆر گەورە بە یارمەتی بەرپرسانی شارەداری و ئاموزش و پەروەرش و خەڵکی شارەکە و لاوانی پێشاهەنگ قۆڵیان لێ هەڵدەماڵی و دەستیان دەکرد بە چەقاندنی داری میوەجات و...، و ناوی ئەو جێگایەیان نا باغی پێشاهەنگی.



دار چاندن لە لایەن پێشاهەنگ دولبەر فەتحی، لە پەنایەوە کاك عەبدوڵا فەتحی








کاک ئەحمەد ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی ژیانی هاوسەری پێک دێنێت و بەرهەمی ئەو هاوسەریە، شەش منداڵ (دو کوڕ و چوار کچ) دەبێ. جگە لە مندالەکانی خۆی سەرپەرەشتی بنەماڵەی رەوان شاد کاک عەولای براشی کە بێ سەر و شوێن دەبێت، دەکەوێتە سەر شانی. جگە لە لایەنی وەرزشی و هونەری، کاک ئەحمەد مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی هاوکات لەگەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان نەتەنیا مەیدانی فوتباڵ، بەڵکوو ماڵەکەشی لە ئیختیاری ئاوارە کوردەکان دادەنێیت و خۆی شەوانە لە ئیدارە دەمێنێتەوە. لە کاتی شەڕی نێوان ئێران و عیراق دەبێتە بەرپرسی کەمپی کوردە ئاوارەکانی ئەم شەڕە و لە ئاوبەندی بۆکان کە ژومارەیان زیاتەر لە ٣٠ هەزار کەس دەبن،بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك خەزمەتیان دەكات.

کاک ئەحمەد تەعەسوبێکی یەکجار زۆری لە سەر وەرزشی بۆکان هەبوو، هەمێشە هەوڵی ئەوەی دەدا تا ئەو جێەی ئیمکانی بێت وەرزشی بۆکان لە کێبەرکێ لەگەڵ شارەکانی دیکە بە رادەیەکێ باش پەرە بگرێت. داوای یارمەتی لە هەموو کەس دەکرد. بۆ وێنە کاتێک لە سەقز لەگەڵ مەرحوومی عەباس خاکی ئاشنا دەبێیت داوای لێ دەکات کە سەر و سامانێک بە زۆرانبازی بۆکان بدات یان ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی دیکەوە بوو خزمەت دهاتنە بۆکان، ئەگەر لایەنی تەکنیکی وەرزشیان تێدا بووایە، داوای هاوکاری لێ دەکەردن. لە ساڵەکانی پەنجا بەولاوە بە یارمەتی هاوکاران و هەڤاڵانی وەرزشی توانی رشتەکانی هەڵاتن، پینگ پۆنگ، زۆران، ژیمناستیك، فوتباڵ، والیباڵ، بەسکتباڵ، لەش جوانی، وەرزشی رەزمی و... بە شێوەیەکی رێك و پێك پەرە پێبدەن.



تیمی هەڵاتەنی بۆکان لە شاری مەهاباد



کێبەرکێی پینگ پۆنگی ئوستان لە بۆکان



تیمی ژیمناستیکی بۆکان



کێبەرکێی زۆرانبازی لە بۆکان



یەکەمین کێبەرکێی بۆکس لە بۆکان



پێشوازی خەڵکی بۆکان لە وەرزش

مەرحوومی کاک ئەحمەد لە ناو فەرهەنگیان و ئەسنافی بۆکان دا ڕێز و ئیحتڕامێکی زۆری لێ دەگیرا. لە زۆریەك لە بۆنەکان دا بە هانایانەوە دەهات و یارمەتی دەدان و کاتێک کە وەرزشوانێک کێشەیەکی لە ناوقوتابخانە یان ناو بازاڕ بۆ دەهاتە پێش، کاک ئەحمەد بە هانایەوە دەهات و خۆی پێوە ماندوو دەکرد و هەمیشەش ڕێگاچارەیەکی دەدۆزییەوە و تەنانەت بە پێی ئەم خۆشەویستیەوە کە لەناو خەڵك و ئیداراتی دەولەتی هەیبوو، هێندێک لە وەرزشوانانی لە سەر کاری دەولەتی دامەزراندبوو.



کاك ئەحمەد لە نێوان خەڵکی بۆکاندا

کەسێک لە دۆستانی زۆر نزیک بە کاک ئەحمەد دەڵێ: کاک ئەحمەد لە ژیانی دا نەحەساوە و هەمیشە لەژێر گوشار دابوو، لە راستیدا بۆ پاراستنی بنەماڵەکەی دەژیا. لە رژیمی پێشوو بەهۆی چالاکی سیاسی کاک عەوڵای برای، زۆر تەنگ و چەڵەمەی هاتە سەر رێی. هەموو کات دیگووت لە بەر خۆشەویستی بۆکان و دۆستان ئەم کارانە دەکەم. زۆر جار بو هەڵاتن لە خەمەکانی پەنای بۆ مەشرووب دەبرد. بە هاتنی حکوومەتی ئیسلامی، لە ساڵی ١٣٦٢ لە پۆستی بەرپرسی تەربیەتبەدەنی بۆکان لایان برد و لە جێی ئەو پاسدارێک بە نێوی یاسر قاسمی بۆ سەرپەرشتی وەرزشی بوکان دیاریکرا. کاک ئەحمەد زۆر بەم رووداوە تێک چوو و زۆرتر کەوتە ژێر گوشارەوە. لە لایەکیترەوە بەهۆی برازاکانیەوە واتە کوڕەکانی کاک عەوڵاش لە عەزابدا بو. سەلاح کوڕی گەورەی کاک عەبڵا، بە دەست کۆماری ئیسلامی لە ناو بەنەندیخانە دا ئیعدام کرا! برا بچووکەکەی سەڵاح بە ناوی بەهمەن

لە ناو ڕیزەکانی  پێشمەرگەی حدکا لە هێزی بەیان سەر بە ناوچەی بۆکان دا پێشمەرگایەتی دەکرد، کە بەداخەوە لە هێرشێکی دوژمەندا گیانی لە دەست دەدا و دەچێتە ڕیزی شەهیدانی گەل و نیشتمان. ئەم دوو روداوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە کاک ئەحمەد زۆرتر بکەوێتە ژێر گۆشاری ناحەزان و نەیارانی حکومەتی ئیسلامی ئێران. بە هێنان و بردن و پرسیاری دوور و درێژ، ماوەی شەش ساڵ وەک مووچەخۆرێکی ساکار دەمێنێتەوە، بەڵام دانامرکێت و لە بەربەرەکانی بۆ وەرگرتنەوەی کارەکەی، ناوەستی، تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی ١٣٦٨ ی هەتاویدا پۆستەکەی وەردەگرێتەوە و تا کاتی خانەنشینی واتە تا ساڵی ١٣٧٣ ی هەتاوی بەرپرسی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی دەمێنێتەوە.



وێنەی کاک ئەحمەد لەگەڵ سوپاهیانی دانش



بنەماڵەی عەبلا سامبەگی



کاک ئەحمەد لەگەڵ هەڤالانی

لەسەر کاک ئەحمەد هەرچی بڵێین کەممان گوتووە، بەراستی ژیانی مرۆڤێکی وەک کاک ئەحمەد بە چەندین کتێبیش تەواو نابێت. کاک ئەحمەد دوای ٣٣ ساڵ وشەش مانگ کار و چەرمەسەری لە ساڵی ١٣٧٣ ی هەتاویدا خانەنشین دەکرێت و لە ساعەت 12ی شەوی ١٥-٥-١٣٨٩ ی هەتاوی لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا ماڵاوایی لەبنەماڵە و گشت خزم و دۆستان دەکات و جێمان دێڵێت. رۆحی شاد ، دیسان رۆحی شاد.

لێرەدا جێی خۆیەتی سپاسی کورەکانی کاک ئەحمەد سامبەگی بەرێزان کاک ئیقباڵ و کاک سیامەك بکەم کە بە ناردنی وێنە و زانیاریی لەسەر باوکیان، ئەو بابەتەیان رەنگینتر کرد.